# مۆدە جوانەکانی تازەی ماکیاژ









**سالۆن نەبیلە - ئیمارات**

مۆدە جوانەکانی ماکیاژ بە چەندین ڕێگەی جوان و ڕازاوە دادەنرێن، ئەمەش دەبێ بە ستایلێکی تایبەت و ڕازاوە بێ، تەنانەت ماکیاژی ڕوخسار دەبێ بە جوانترین و ڕازاوەترین شێواز دابنرێ، بۆیە لەگەڵ هەر مۆدەیەك لە مۆدەکان، گۆڕانکاری بەسەر ماکیاژەکاندا دێ، خانمان دەبێ لە ڕێگەی ماکیاژە جوانەکان بیرۆکەکان ئامادە بکەن و هەڵبژاردنی دروست بکەن بۆ ئەو جۆرە ماکیاژەی بەکاریدەهێنن.

ئەم چەند جۆرە ماکیاژە، هەڵبژێردراوی دەستی خانمی جوانکاری و ماکیاژ (مونا شەملاوی)، کە یەکێکە لە خانمانی سالۆن (نەبیلە) لە وڵاتی ئیمارات، بە چەندین وێنەی جوان و ڕازاوە ئەم جۆرە ماکیاژانەی بۆ هەڵبژاردووین، کە چەند ماکیاژێکی ڕازاوە و جوان لە وێنەکاندا دەردەکەون، ماکیاژەکانیش ڕازاوەیی و جوانییەکی گەورەی پێوە دیارە، بەمەش دەکرێ خانمان سوود لەم جۆرە ماکیاژانە وەربگرن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە مۆدەیەك لەم مۆدە ماکیاژانە بەکاربهێنن.

# (٧٠) جۆرە تەسریحە!

لەم وێنەیەدا چەندین جۆرە تەسریحەی جیاواز دەبینن، دەتوانن سوودێکی گرنگیان لێوە وەربگرن بۆ ئەوەی لەسەر هەر یەك لەم جۆرە تەسریحانە، جۆرە مۆدەیەك لە قژەکان لەسەر قژی خۆتان تاقی بکەنەوە، ئەمەش مۆدەی (٧٠) جۆرە تەسریحەیە.



# پشتێن مۆدەیەکی ڕازاوە لە جلوبەرگی کوردی

کەرەستە کوردەوارییەکان لە مۆدەی جلوبەرگی کوردی، بە چەندین شێوازی جوان و ناسك دەردەکەوێ، تەنانەت دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرین بۆ ئەوەی لە جوانییەکی ڕازاوە و جوان لەسەر جەستەی خانمانی کورد بوەستێت، یەکێك لە گرنگترین ئێکسسوارەکان یان کەرەستەکان بریتییە لە (پشتێن) بۆ جلی کوردی.

مۆدەی پشتێن دەبێ ناسك و ڕازاوە بێ، تەنانەت بە جۆرە نەخشێکی سادە و جوان ڕازاوە دەبێ، مۆدەی پشتێن زیاتر ڕەنگدانەوەی جلوبەرگەکە دەبێ، هەوڵبدە پشتێنەکە بە قەبارەیەکی ناوەند بێ، نەوەك ئەوەندە گەورە یان بچووك بێ، مەرج نییە هەمان ڕەنگی جلە کوردییەکەی هەبێ، چونکە دەکرێ لە ڕەنگێك بێ، لە نزیك ڕەنگی جلەکە بێت.

























## جوانی سەندڵ و پێڵاو بۆ خانمان

خانمان بۆ رازاندنەوەو دەرکەوتنیان بە شێوەیەکی ناسك و جوان سوود لە کەرەستە و جلەکان وەردەگرن، بەمەش دەکرێ سوود لە گشت ئێکسسوار و کەرەستە سەرەکییەکان وەربگرین، یەکێك لەو کەرستانە بریتییە لە سەندڵ و پێڵاوەکان بۆ ناو ماڵ و دەرەوە بە گوێرەی وەرزەکانی ساڵ، بۆ وەرزی گەرما دەبێ پێڵاوەکان بە کراوەترین شێوە بن، تەنانەت شێوازێکی جوان و رازاوەی پێویستە بۆ ئەوەی بە ناسکی دەربکەوێ.

بوونی پێڵاوەکان بە نەخش و کراوەیی لە شێوەدا، دەبێتە هۆی گونجاندنی لەگەڵ پێی خانمان، ئەمەش وادەکات مۆدەیەکی سەرنجراکێش و جوان دەربخات، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ئەو جۆرە سەندڵ و پێڵاوانە لە ماڵ و دەرەوە بپۆشرێت، بۆیە خانمان دەتوانن سوود لەمجۆرە سەندڵە وەربگرن.

## ملوانکە رازاوەکان لە ملی خانمان

ئێکسسوارەکان تایبەتمەندییەکی گەورە بە جوانی خانمان دەبەخشن، لەگەڵ ئەوەی بەشێك لە جەستە دەپۆشن، بەمەش دەکرێ سوود لە گشت جۆرە ئێکسسوارەکان وەربگرین، بە تایبەت ملوانکە – گوارە – ئەڵقەی دەست. هەر یەکە لەم ئێکسسوارانە دەکرێ شێوەیەکی رازاوە و جوان لە خۆیان بگرن.

یەکێك لەو ئێکسسوارانەی ئەمڕۆ خانمان دەیپۆشن، بریتییە لە ملوانکە شێوە و رەنگ ئەڵماسەکان، کەچی لە کریستال دروستکراوە و بە چەندین نەخشی جیاواز و جوانیان بۆ ئامادەکراوە، دەکرێ شێوەیەکی جوان و ناسك لە خۆ بگرن، ئەم ملوانکانە دەکرێ بە سادەیی بپۆشرێن، بۆیە هەوڵبدە ستایلی لەم جۆرە بەکار بێنی کە ئێستا لە شارەکانی کوردستان باوە.













# کچانی کوردستانیش شەیدای وەرزشن

بێگومان خانمانیش حــەز بە بواری وەرزش و تۆپی پێ دەکەن، تەنانەت هەندێکیان شـێت و شــەیدای کورە یاریزانە قــۆز و جوانەکانن، یان حەز بەو تیپە دەکــەن کە لە هەر یانەیەکی جیهانییە، بۆیە رەنگدانەوەی خۆشەویستی بۆ وەرزش لەلایەن کچانی کوردســتان دەردەکەوێ، نموونەش بۆ ئەمە پەنجەی ئەو خانمە کوردیە. قوتابییەکــی کۆلێــژی ئادابــی زانکۆی ســەلاحەدین کە شەیدای یانەی رۆمایە، کە بە چەندین شــێوازی ئێکسسوارکردن گوزارشت لە خۆشەویســتی خۆی بۆ ئەو یانەیە دەکات، وەك دەبینــن لە رۆژێکی هاتنی بۆ کۆلێژ، لەســەر پەنجەکانی نووســیوە (رۆما)، واتە هەر پیتێك لەسەر پەنجەیەك، ئەو خانمەش ئامادە نەبوو نە وێنە نە ناوی دابنرێ، تەنیا وێنەی پەنجەکانی بگیرێ.





## خێزانێک خـ

(کیم و نانســی) ئەو هاوســەرەن کە تا ئێستا زۆرترین منداڵیان هەیە، وەك خێزانێکی منداڵ پەرســت یان منداڵ خۆشەویســت، توانیویانە تا ئێستا زۆرترین منداڵیان هەبێ، لە ماوەی (٣٥) ساڵی هاوسەرگیریان بوون بە خاوەنی نەتەوەیەك لە منداڵ، وەك ئاواتێك بۆ منــداڵ زیاتر هەوڵیــان داوە بۆ ئەوەی منداڵی زیاتریان ببێ.

## ترێ بە شێوەیەکی دیکە

ترێ میوەیەکی خۆش و بەتامە، گشــت لە ئێمە دەزانین کە شــێوەی چۆنــە و یان چۆن پێدەگات کاتێك بـــە دارەوەیە، داری مێو وەك دارێکی خشۆك وایە، بەسەر زەوی یان شوێنە بەرزەکان سەردەکەوێ، کەچی وادیارە داری مێــوی ئەو ســەردەمە دەیەوێ لەگــەڵ دارمێوەکانی پێشوو جیاواز بێ.



ئەوەی دەبینــن بریتییە لە داری مێو لــە وڵاتی بەرازیل، کە ترێ بەبــێ (وش)دەگرێ، تەنیا بە قەدی دارەکە گەشــە دەکات، کــە ئەمەش جۆرێکی تازەیــە لــە داری مێــو کە شــێوەیەکی جیــاوازی لــەو مێوانــەی بینیومانــە هەیە، بەمــەش وەك دارگوێــز وایە، دەتوانێ لە دوورەوە بەر دەستت بکەوێ و نۆشی بکەی.

## فڕۆکەیەکی تازە و سەیر

بەهۆی ئەوگرفتانەی دێنە پێش فڕۆکەوانەکان لەکاتی وەستانی بزوێنەری فڕۆکەکانیــان یان چەند هۆیەکی تەکنیکی کە بە جۆرێك کۆنترۆڵ ناکرێ و دەبێتە هــۆی کەوتنە خوارەوەیان، بۆیە بیرمەندان بۆ ســەلامەتی گیانی فڕۆکەوان و سەرنشینانی بیریان لە دروســتکردنی فڕۆکەیەك کــردەوە کە لە شکســت و ئەم جۆرە گرفتانەی باسمان کرد، بە دوور بێ. تەنانەت شــێوەی فڕۆکەکان لە شێوە کۆنەکەیەوە بگۆڕن بۆ شــێوەیەکی تازە و سەیر.



ئەوەی دەبینــن یەکێکە لە فڕۆکە تازەکان، بە شێوەیەك بە چەندین بزوێنەر کار دەکات، ئەگەر هەر گرفتێك دروست بێ، دەکرێ بەهۆی بزوێنەرەکانی دیکە کاری بۆ بکرێ، لە فڕۆکەی ئاسایی (٢ یان ٤) بزوێنەر هەیە، بەڵام زیاتر (٢) دەبێ، کەچی ئەو فڕۆکەیە (٨) بزوێنەری هەیە و بۆ ئەوەی لە گرفتەکان بە دوور بێ.

## ئەوەش بوو بە جلوبەرگ



دیزاینی جلوبەرگەکان بە چەندین شێوەی سەیر و جوان دەردەکەون، تەنانەت هەندێکیان دەبنــە جێگەی گاڵتەجــاری، بۆیە دەکرێ سوودیان لێوەربگرین لەوەی ببێتە حاڵەتێکی سەمەرە، بەمەش لەم شێوەدا جوانی جلەکان لە شێوازەکانیان دەبینین، لەگەڵ ئەوەشدا بە جلێکی سادە دادەنرێ لەلایەن خۆیان.

ئەوەی دەبینین یەکێکە لە جلوبەرگەکانی خانمان، کە تەنیا لە پــەت پێکهاتووە، وەك دەبینن چۆن بەشــێکی پشتی ئەو خانمەی پۆشــیوە، ئەوەی ســەیر بێ پێشــەوەی لە دواوەی کراوتــرە، بۆیە ئێمەش تەنیا وێنەی دواوەی نیشــان دەدەین بۆ ئــەوەی ماناى جلەکە ببەخشێ و دیاریکراو بێ.

## بیرۆکە سەیرەکان بۆ رووناکی کردنەوە

بیرۆکە سەیرەکان بۆ گشت کاتێك دەکرێ بە سوود بن، چونکە هەر بیرۆکەیەك بە جۆرێك دادەنرێ بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کارێکی تایبەت و جوانی پێوە ئامادە بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك کەرستەیەکی سەیر دادەنرێ لە بەرچاوی گشت کەسێك، لە شەودا شوێنەکان تاریك دەبن، بۆیە پێویستیمان بە رووناکی دەبێ.

کەچی وادیارە رووناکییەکان بە جۆرێك دادەنرێن کە جێگەی سەیر و سەمەرەی گشت کەسێك بێ، ئەوەی دەیبینن گلۆپێکی بچووکە یان ئەوەی بە (لایت) ناسراوە، لە پێشەوەی پێڵاو دانراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەنگاوەکان پێشەوەی خۆت رووناك بێ و برۆی، بیرۆکەی لەم جۆرە کارێکی سەیر و بەسوودە.





## ـــاوەن (١٧) منداڵە

لە وڵاتی کەنەدا، ئەم خێزانە خاوەن (١٧) منداڵن، منداڵەکانیش بریتین لە (١٠) کوڕ و (٧) کچ، گشتیان بە یەکەوە لە خانوویێك دەژین، ئەوەی سەیر بێ، دەبێ لەو ماڵە چ هەڵلایەك بێ، ئەگەر هەر یەکە (١) قسە بکات دەبێتە (١٩) قسە، لە کاتێکدا ئەمە بە باوك و دایکەوە.



## ژمارەیەکی پێوانەیی بۆ (٢٢) کاتژمێر سەما کردن

ئەوانەی دەتوانن ژمارە پێوانەییەکان تۆمار بکەن، لە نمایش و کارە تایبەتەکان کاری خۆیان ئەنجام دەدەن و دەتوانن سەرنجی گشت کەسێکی دیکە رابکێشن، ئەمەو یەکێك لە بەهرەکانی مرۆڤ بریتییە لە (سەما)کردن، وەك کارێکی تایبەت و جوان، کە تەنیا لەلایەن ئەو کەسانە دەکرێ کاری لەسەر بکەن کە شارەزاییەکی تەواویان لەسەری هەیە.


خانمە ئەکتەری بۆلیوود و هیندستان (شەلبا شیتی) توانی ژمارەیەکی پێوانەیی لە سەما کردن تۆمار بکات، ئەمەش کاتێك بەشداری لە پرۆگرامێکی تایبەت بە سەما کردن کرد لە وڵاتی هیندستان، لە کاتی بەرنامەکە (شەلبا)خان توانی بۆ ماوەی (٢٢) کاتژمێر سەما بکات، تەنیا جار جار بۆ ئاو خواردنەوە چەند چرکەیەك دەوەستا!



## بۆ ئەو فیلە دەبەستنەوە

ئەگەر سەیرێکی ئەو وێنەیە بکەن، بێگومان شتێك دێتە مێشکتان، ئەویش ئەوەیە بۆ ئەو کۆمەڵە خەڵکە دەوریان لەم فیلە داوە، یان بۆچی دەیانەوێ بیبەستنەوە! رەنگە بە هەڵە تێبگەن یان بیرێکی خراپتان بۆ بچێت، بەڵام پێویست ناکات زۆر بیری لێبکەنەوە، هۆکاری بەستنەوەی ئەو فیلە دەزانی بۆ چ مەبەستێکە. لە وێنەی دووەمدا دەبینن نینۆکی فیلکە دەکەن.










# زەوی کشتوکاڵ یان وێنەی تابلۆ

لە گشت جیهاندا گرنگی بە بواری کشتوکاڵی دەدرێ، تەنانەت بۆتە لایەنێکی گرنگ بۆ گشت وڵاتان، ئەمەش هەر یەکە بەپێی ڕێگەی تایبەت بە خۆی کار دەکات بۆ بەروبومی کشتوکاڵەکان، کەچی ئەگەر وڵاتی ژاپۆن بە نموونە وەربگرین، تێکەڵاوییەك لە نێوان کشتوکاڵ و هونەری وێنەکێشان بەدی دەکەین.

گەر سەیرێکی ئەم وێنەیە بکەین بە ڕوونی ئەوە بەدیار دەکەوێت ئەو پانتاییە کشتوکاڵیە لە تابلۆیەکی هونەری دەچێ، بێگومان ئەمەش بەهرەیەکی هونەری بە توانای دەوێ بۆ بە جێگەیاندنی کارێکی هونەری لە لە زەوییەکی کشتوکاڵیدا هەیە، بۆ ئەمەش هەر لەسەرەتاوە هەوڵدەدەن بە جۆرێك زەوییەکە بکێڵن کە ببێتە وێنەیەك یان تابلۆیەك!

# چۆن دەبیتە هاوڕێی تیمساح

حەز و خولیای مرۆڤەکان ئەوەندە زۆرن لە ژمار نایەن، بە هاتنەدی ئەم حەزانەش مرۆڤەکان دڵخۆش دەبن، بەڵام دەبێت هەوڵیان بۆ بدەین، زۆرێك لە ئێمە خولیای گەیشتن بە دنیا شاراوەکانی ناو دەریا دەکات، یان لەناو دەریادا دەبێ چی هەبێ، ئەمەش لە ڕێگەی چوونە نێو دەریاکانەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام بەهۆی بوونی گیاندارە ترسناکەکان ناکرێ مرۆڤ سەردانی ناو دەریا بکات، بۆ ئەمەش بیریان لە لایەنێکی سەیر کردۆتەوە، ئەویش دانانی قەفەزێکی شووشەییە بۆ چوونە نێو دەریاکان دوور لە هەر مەترسییەك بەرامبەر بە گیاندارە ترسناکەکان.

ئەم بیرۆکەیەش لە وڵاتی ئوستراڵیا دروست بوو بۆ ئەو کەسانەی کە حەز و خولیای چوونە نێو دەریاو بوونەوەرە سەیرەکانی ناو دەریایان هەیە، یاخود دەیانەوێ سەیری گیاندارە ترسناکەکان بکەن وەك تیمساح یان هەر گیاندارێکی دەریایی، وەکو دەبینین چۆن مرۆڤ و تیمساج نزیکەی مەترێك لە یەکتر دوورن.







# بچووکترین نمایشکاری جیهان



ئەوانەی حەز بە نمایش و کارە تایبەتەکان دەکەن، زیاتر ڕەگەزی کچ یان خانمانن، چونکە هەست بە جوانی جەستە و لەش و لاریان دەکەن، بە جۆرێك زۆربەی نمایشکارەکان کچانی تەمەن بچووك و تازە پێشگەیشتووانن، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەو نمایشکارە جوانە بکەین، دەبێتە بچووکترین نمایشکاری جیهان. ئەم کچە ناوی (مۆنیس)ە لە وڵاتی کەنەدا دەژی و تەمەنی نزیکەی (١٢) ساڵە، کەچی تا ئێستاش لە چەندین نمایشی جیهانی بەشداری کردووە و چەندین خەڵاتی شایستەشی وەرگرتووە، ئەوەی سەیربێ لە تەمەنی (٦) ساڵیدا بەشداری لە یەکەم نمایشی جلوبەرگدا کرد.

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی سالح
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504679560
Emial: reng@gulan-media.com

# کەڵـوەکان



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



ئەگــەر خۆشەویســتت نییە ئەم هەفتەیـــە زۆر لەبەرژەوەندیتدایە بۆ دەستنیشــانکرنی کەسـێك و دروســتبوونی پەیوەندییەکی خۆشەویســتی، هەندێ جار شتەکان زۆر بەئاسانی وەردەگریت ئەمەش دەبێتــە هۆی ئەوەی نەتوانی کۆنترڵــی بکەیت، ئەم تێبینیە گرنگەت لەیاد بێت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



چەند ڕاســتیەکی گرنگت بۆ ئاشکرا دەبێت و وات لێ دەکات لەداهاتوودا ســنوور بــۆ دەربڕینی نهێنیەکانــت دابنێــی، لەوانەیــە پەیوەندیــت لەگــەڵ هاوڕێیەکی نزیکــت بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی خۆشەویستی.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



کاتێــك تەرخــان بکــە بۆ بیرکردنەوە لــە دۆزینەوەی ڕێگای گونجاو بۆ هەنگاوەکانی داهاتــووت، هەوڵ بدە چارەســەرێك بدۆزیتەوە بۆ دووبارە نەبوونەوەی هەڵەکان،بەرنامەیەکی نوێ دابنێ بۆ چارەسەرکردنی خێرای هەڵەکانت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



ئەگــەر داوات لــێ کرا بۆ بەشــداریکردن لــە کارێکی تایبەت یان گەشتیك ئەوا ڕەتی مەکەوە و بەشــداری بکە، ئاگاداری پەیوەندی خۆشەویستیت بە ناکرێت بروات بە خۆشەویستەکەت نەبێت و بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



باری داراییت باشــتر دەبێت و ژیانت گۆڕانکاری بەســەردا دێت، وا پێویست دەکات ئاگادری چۆنیەتی خەرجکردنــی ئەو پارەیە بیت، پەلە لەئەنجامدانــی پڕۆژەکانت مەکە و هەندێك پڕۆژەی خۆت بۆ هەفتەیەی داهاتوو یان کاتی گونجاوی دیکە دوا بخە.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



زۆرجار شکســتی کارەکانت دەگەڕێنیتــەوە بــۆ نەبوونی بەخت، لەوانەیە ئەمە تاڕادەیەك ڕاســت بێت،مژدەیەك بــۆ ئێوە ئەم ماوەیە بخت هاوڕێتانە و گشــت تواناکانی خۆتان بەکاربێنن و بیانوو مەدۆزنەوە بۆ نەبوونی بەخت.

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



زۆر بەڵێن دەدەیت بەهۆی دڵپاکــی و هەســتی یارمەتیدان بــەڵام زۆرجار بــە زیانی خۆت دەشــکێتەوە ئەگەر جێبەجێیان نەکــەی، بۆیە ئەگەر بزانی توانای ئەنجامدانی کارێکت نییە ئەوا بەڵێن مەدە.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



کاتێکی زۆر خۆش بەســەر دەبــەی لەگــەڵ نزیکتریــن هاوڕێــت و چەنــد نهێنیەك لای یەکتر باس دەکەن و یادگاری دێتەوە یادتان، هاوڕێکەت تۆی خۆشدەوێت و ڕێگا مەدە قسەی خەڵك پەیوەندی نێوانتان لاواز بکات.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١




هەســتێکی ڕۆمانســی ژیانی داگیر کــردووی کە ناتوانی ئەو هەستە بەکەسی بەرامبەر بڵێی، لێرەدا پێویســتت بــە یارمەتی کەســی ســێیەم هەیە یان خۆت بەهەر شــێوەیەك بێت ئەو هەســتە بدرکێنە ئەگەر نا دواتر پەشیمان دەبیتەوە.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩



ئەونائارامییەی پەیوەندیەکانتی بــردە قۆناغێکی ســەختەوە بەم نزیکانــە کۆتایی پێ دێت، ئەو کەســەی کە جێگای متمانەیە لای تــۆ داوای یارمەتیت لێ دەکات تاکو کارێکی گرنگی بۆ ئەنجام بدەیت.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



زۆر جار بیرکردنــەوە لەڕابردوو ئازارت ئەدات و هەستت بریندار دەکات بەهــۆی ڕەنجاندنــی دڵی کەســێك یان چەند کەسێك ژیان، بەزووترین کات ئاشــت بەوە لەگەڵ هاورێکانت و سەرەتایەکی نوێ دەست پێ بکە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



سەرکەوتنێکی خێرا و گرنگ ناونیشــانی ئــەو کارەیە کە دەتــەوێ ئەنجامــی بدەیت، سەرەتایەکی نوێ لەپەیوەندی نێوان خۆت و کەســی بەرامبەر دەســت پێ دەکات و ڕۆژانی داهاتوو زۆر خۆش و ڕۆمانسی دەبن.

ئامادەکردنی: داریۆ

## نوکـتە

کچێکی تاقانە شــەوێکیان پڕ بە دڵی دوعا دەکات و دەڵێ :
خوایەگیــان هیچم نــاوێ، تەنیا کوڕێــك ببێتە زاوای ئــەو دایك و باوکە گوناحەم!

# ڕووخــــــارە سەیرەکان!



مۆدە سەیر و جوانەکان بە چەندین شێوەی تــازە دەردەکەون، ئەمــەش وادەکات کە هەر یەك لــەو مۆدانە بە جۆرێــك ئامادە بکرێ کە جێگەی سەرســوڕمانی گشــت کەسێك بێ، تەنانەت دەکرێ ئەو شــێوازانە بە جۆرێك دەربکەون جێگەی پێکەنین بن، چونکە مۆدەی رووخساریان لە مرۆڤ ناچێ، بەڵکو دەچێتەوە سەر میوە و سەوزە.

ئەوەی دەبینن چەنــد ماکیاژێکی تایبەتە کە لەلایەن گەنجان و پیاوانی وڵاتی هۆڵەندا کاری بــۆ کــراوە، ئەمەش وەك شــێوەیەکی تایبەت و جوان لە جوانکاری بۆ رووخساریان، کەچــی ئەگەر بە جوانی ســەیریان بکەین، دەبنە دیمەنێکی گاڵتەجاری و سەیر بۆ گشت کەسێك.

